نابێت وشترێک لەگەڵ ئێمەدا بێت؛ کە نەفرەت لێکراو بێت

لە ئەبی بەرزە نەزلە کوڕی عوبەید ئەلئەسلەمی -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: کاتێک کچێکی کەم تەمەن لەسەر وشترێک بوو کە هەندێک شتومەکی خەڵکی هەڵگرتبوو، کچەکە پێغەمبەری بینی -صلى الله عليه وسلم- وڕێگای شاخەکە تەنگ بوو، (هانی وشترەکەی دا بۆئەوەی خێرا بڕوات؛ بەڵام وشترەکە هەر خێرا ڕێی نەکرد)، -کچەکە- قسەی بە وشترەکە کرد و ووتی: خودایە نەفرەتی لێبکە (لەعنەتی لێبکە)، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «نابێت وشترێک لەگەڵ ئێمەدا بێت؛ کە نەفرەتلێکراو بێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

کچێکی کەم تەمەن لەسەر وشترێک بوو کە هەندێک شتومەکی خەڵکی هەڵگرتبوو، کچەکە پێغەمبەری بینی -صلى الله عليه وسلم-، وڕێگای شاخەکە تەنگ بوو لەسەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەوانەی هاوەڵی بوون لەم سەفەرەدا، کچەکە وێستی وشترەکە خێرا بڕوات، هانی وشترەکەی دا بۆئەوەی خێرا بڕوات؛ بەڵام وشترەکە هەر خێرا ڕێی نەکرد، -کچەکە- قسەی بە وشترەکە کرد بۆئەوەی خێرا ڕێبکا وپاشان ووتی: خودایە نەفرەتی لێبکە (لەعنەتی لێبکە)، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-فەرمووی: نابێت وشترێک لەگەڵ ئێمەدا بێت؛ کە نەفرەتلێکراو بێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6988